Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland

# مرۆڤ و تەکنەلۆژیا

# تەنهایی مۆدێلێکی نوێی ژیان...!



سامان عەللا – ستۆکهولم

لەگەڵ ئەوەی ئەم سەردەمە مرۆڤ لە لوتکەی پێشکەوتنی زانستیدایە، تەکنەلۆژیا توانیویەتی زۆر شتی سەیروسەمەرە بۆ مرۆڤ دەستەبەربکات، بەشێوەیەک کەمرۆڤ لە هەر کونجێکی ئەم ژیانەدابێت، دەتوانێت بەئاسانترین شێوە پەیوەندیبکات، هەواڵ ببیستێ، ئاگاداری بارودۆخی یەکتری ببن، ئەوە جگەلەوەی تەکنەلۆژیا لەگەڵ خۆیدا دنیایەکی بۆ مرۆڤ دروستکردوە کەهەر لەخەونو خەیاڵ دەچێت. چەند دەیەیەک لەمەوبەر لەفیلمە زانستی خەیاڵیەکاندا"علمی تخیلی" دەبینرا کەفەنتازیای زانست سەرەنجام چی جۆرە ژیانێکی پڕ بەختەوەری بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات. هەرلەو فیلمانەدا دەبینرا کەلەسایەی زانستو تەکنەلۆژیادا مرۆڤ دەستڕەسی بەزۆر لەنهێنیەکانی ژیان دەبات. بۆ نموونە: دەیزانی لەبۆشایی ئاسماندا چەندجۆر هەسارە و ژیانی مرۆڤگەلێکی تر هەنو دەبن، زانستی ئەلەکترۆنی و پەیوەند ی و هاتوچۆو و زانستی پزیشکی چەندە پێشدەکەوێت، کەئەمە بۆخۆی بیرۆکەیەکی لێوە سەردەردێنێت کە ژیانی مرۆڤ بەرەو جاویدانی بەرێت و ئیدی لەسایەی ئەم تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەدا، کێشەو گیروگرفتەکانی مرۆڤایەتی کەمدەبنەوەو یاخود هەرنامێنێت، لەم ریگەیەشەوە ژیان پڕدەبێت لەبەختەوەری و کەسێک نامێنێت لەسەر گۆی ئەم زەویە بیر لەکێشەی هەژاری و نەداری بکاتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا زانست بەدەر لەلایەنەکانی تری ژیان، توانی زۆر زیاتر لە فەنتازیا و خەیاڵاتەکانی جاران بەدی بێنێتو کارئاسانیەکی زۆر بۆ ژیان و خۆشگوزەرانی مرۆڤ بکات. بەڵام بەداخەوە کێشەی سەرەکی و جدیش هەمیشە لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیادا سەرهەڵدەدات. گەورەترین کێشەش کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیدا سەریهەڵدا، هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانە و دروستکردنی مۆدێلێکی نوێی ژیانە کەئەویش تەنهاییە. تەنهایی گەورەترین کێشەی ژیانی مرۆڤەکانە لەم سەردەمەدا. مرۆڤی ئەمڕۆ لەگەڵ دەسڕەسی بەو هەموو پێشکەوتنە، تەنهایە، تەنهاییەک کەخەریکە بە هێواشی رۆحی دەکرۆژێت و دەیکاتە ئامێرێک وەک ئامێرەکانی دیکەی سەردەم. ئەم مۆدێلە نوێیە لەژیان دەشێ بۆماوەیەک چێژ و لەزەت لەو پێشکەوتنو ئامێرە نوێیانەی زانست بۆ مرۆڤ ئامادەکات، بەڵام سەرەنجام پاکی دەکاتەوە لەهەموو مەهام و وەزیفە ئینسانیەکانی، مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی بێگیان و بێدڵ و هەست، مرۆڤ دەخاتە خانەیەکی خۆ ویستی و خۆ بەزلزان و سەرئەنجامیش بێ ویژدان. بەکورتی مرۆڤ لەنێو تۆڕێکی گەورە و بەرفراوانی کۆمەڵایەتیەوە فڕێدەداتە نێو ژورێکی بچوک و هەموو پەیوەندیە رۆحی و کۆمەڵایەتیەکانی لێدەستێنێتەوە و لە بڕی ئەوە ساڵەها لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆنو کۆمپیوتەرەکاندا دەیکاتە کۆیلە.

لێرەشەوە کەمرۆڤ ئامادەبوو کەببێتە ئەربابی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاو خۆبەخۆ راهات کەلەژووره بچوکەکاندا بەتەنهایی ژیان بەسەربەرێت، کێشەی گەورەی دەروونی بۆ دروست دەبێتو کاتێک بەخۆی دەزانێت کەئەم تەکنەلۆژیایە چەندە کارئاسانی بۆ ژیان دابیندەکات، بەڵام کردویەتیە مرۆڤێکی تەنها و چۆن تەنها و تەنها لەکونجی ژوورێکی بچوکدا قەتیسی کردوە. سیحری ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاش لەوەدایە کە چیدی بەئاسانی رێنادا مرۆڤەکان دەستبەرداریبن، تابگەڕێنەوە بۆ پەیوەندیە ئاساییەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام کارگەکانی ئەم پێشکەوتنە زانستیانە هێندە بەخێراییو بەشێوەیەکی هێندە جوان، ئامێرە نوێیەکانیان پێشکەش دەکەن، کەمرۆڤ لەبری عاشقبوون بەژیانو جوانیەکانی ژیان، عاشقیان دەبێت و هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخاندەکات تا بەدەستیان بێنێت.

لێرەوە دەکرآ بلێین: ئەگەر تادوێنآ، ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان ملیۆنان کەسیان دەکردە دەروێشی خۆیان، ئەوا ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا ملیارەها دەکاتە موریدی خۆی، ئەگەر ئایدۆلۆژیا ئەندامەکانی کۆمەڵگەی لەخانەیەکدا کۆدەکردەوە، ئەوا ئەمڕۆ، تەکنەلۆژیا هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە. گەر تادوێنآ مرۆڤەکان بەهەر هۆیەک بوایە لەدەوری یەکدی کۆدەبونەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئیمپڕاتۆریەتی تەکنەلۆژیا، مۆدێلێکی نوآ لەژیان رەنگڕێژ دەکاتو بەمرۆڤەکان دەڵێت: پێتانخۆشبێت یان نا، بتانەوێت یاخودنا، من هاتوومو هەمووتان لەکونجی ماڵو سەرکارەکانتاندا بەتەنهایی توند دەکەم.

مرۆڤی ئەم سەردەمە لەسایەی زانستو تەکنەلۆژیادا توانی جوانترینو پێشکەوتوترین پێشکەوتنەکانی زانستی بەدەستبێنآ، بەڵام لەبەرامبەردا زۆر شتی جوانو مرۆیی لەدەست دەدات،مرۆڤەکان تەنهان،ماڵونەخۆشخانەکان پڕن لەنەخۆش،بازارەکان شێواونومرۆڤ بەهاونرخی راستەقینەی خۆی لەدەست داوەو....هتد.

ئەمڕۆ کەمرۆڤ لەلوتکەی پێشکەوتنی زانستدایە، زۆرترین رێژەی هەژارو نەدارو بآ نانوئاو لەسەر گۆی ئەم زەمینەیە کەهەرگیز مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیدیوە. هەرلەسایەی ئەم پێشکەوتنو تەنهاییەدا، زۆرترین رێژەی خۆکوشتنو ستەمکاریو بێڕێزی بەرامبەر بەمرۆڤایەتی دەکرێت. گومان لەوەشدانیە، کەهەرئەم پێشکەوتنانەی زانست و تەکنەلۆژیا کەئەمڕۆ زۆرێک لەکۆمپانیا زل و زەبەلاحەکانی جیهان و لە سەرێکیشەوە، کەڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەیوەستن بە سیاسەتمەدار و وڵاتە زلهێزەکانی دونیاوە رابەرایەتی دەکرێن. لە بەرخاتری دەستکەوتی زیاتر و پاراستنی دەسەڵات و پلەوپایەکانیان. دەرئەنجامی کێشمەکێشی سیاسی و ئابوریەکانیان، بۆ دواجار نەک بەتەنها ژیانی ئاسایی تاکەکان بشێوێنێ، بەڵکو ئەگەری ئەوەش هەیە سەرجەمی ژیان لەسەر گۆی ئەم هەسارەیە لە ناوببات. کەئێستا هەر لەسایەی زانستدا زانراوە، کە ژیان تەنها لەسەر گۆی ئەم زەویە هەیە.